مەسعود بارزانی پێشوازی لە کونسوڵی هیندستان لە هەولێر دەکات

ئەمڕۆ پێنجشەممە ، لە سەلاحەددین مەسعود بارزانی پێشوازی لە مادان گێپال کونسوڵی هیندستان لە شاری هەولێر کرد.

لەدیدارەکەدا باس لە بارودۆخی سیاسیی عێراق و ناوچەکە و ئەو بوارانە کرا کە دەکرێ لە بڕودانی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتی هیندستان کاری لەسەر بکرێت. کونسوڵی هیندستان لە هەولێر، خوازیاری ئەوە بوو کە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا لە بواری پەگیاندنی توانای مرۆیی و کوولتووری و تەکنەلۆژیا و پزیشکی پڕڕی پێ بدرێت.

هەر لەو دیدارەدا بارزانی پێزانینی هەبوو بۆ سەرکردە گەورەکانی هیندستان وەك گاندی و نەهرۆ کە هەبوونیان هەبووە لە پاپشتیکردنی گەلانی مەزلووم و ئاشتی و تەبایی لە جیهان و هاوگیاند گەلی کوردستان هەزەکی تایبەتیان بۆ گەلی هیندستان و کولتووری فرەیی و پێکەوەژیانی هیندستان هەیە.

لە بەشێکی تری کەبوونەوەکەدا بارزانی کورتەیەکی لە مەژووی خەباتی گەلی کوردستان خستەڕوو و کونسوڵی هیندستانیش هەڵە و خەباتی پێشمەرگە و گەلی کوردستانی لەپێناو ئازادی و هاوبەشبوونەوەی تیرەر بەرز نرخاند.